Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C05

# تەصەوف لە دیباجەی مەقام و ئیرشاد لە شیعری شاکەلیدا

**کۆسار عومەر ئەحمەد**

بەشی شیکاری نەخۆشییەکان، کۆلێژی تەکنیکی کەلار، زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق



| Article Info | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |
| **Keywords** | |
| تەصەوف، مەقام، ئیرشاد | |
| **Corresponding Author** | |
| robineven98@gmail.com | |



**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناوی (تەصەوف، لە دیباجەی مەقام و ئیرشاد لە شیعری شاکەلیدا)، لە کۆنتێندا جگە لە پەسنی پایەی شیعریی شاعیر، لە چوارچێوەی (تەصەوفیەت)دا چەمك و زاراوەی دەخاتەڕوو هەروەك بە لەبەرچاوگرتنی ژینگەی ئایینی و ئەدەبیی شاکەلی؛ مەقام و ئیرشاد و جۆرەکانی لە شیعرەکانی شاعیردا دەخاتەڕوو. توێژنەوەکە لە چوارچێوەی میتۆدی سیاقخوازیدا، پشتی بە فرەمیتۆدی بەستووە وەك شیکاری پەسنی و میتۆدی سایکۆ-سۆسیۆلیجی. هەروەك سنووری توێژینەوەکە لە دەوری دەقە ئایینییە تەصەوفییەکانی شاکەلیدا خولدەخوات.

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دەروازە و سێ تەوەرە و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. دەروازەی توێژینەوەکە تایبەتە بە ژیانی شاعیر. تەوەری یەکەم بە ناوی (تەسەوف لە دیوانی شاکەلی)دا تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی پێگەی شاعیر لە گێتی ئەدەبی تەصەوفییدا، لەگەڵ چەمك و زاراوەی تێری (تەسەوف) و بە دووخاڵ (تەریقەتی شاکەلی، مورشیدی شاکەلی) ڕوونکراوەتەوە. تەوەری دووەمی توێژینەوەکە بە ناوی (مەقام لە شیعرەکانی شاکەلی) هەوڵیداوە لە ڕێگەی خستنەڕووی مەقامە دینییەکانی وەك (تەوبە، زوهد، وەرع و...) تەصەوفییەت لای شاکەلی بخاتەڕوو. تەوەری سێهەم بەناوی (ئیرشاد، لە نێوان مورید و مورشید (شاکەلی و شێخ عوسمانی نەقشبەندی)دا، تەرخانکراوە بۆ باسکردن لەسەر ئەو ڕێگایانەی کە شاکەلی شاعیر وەك موریدێك ئیرشادی لە مورشید(شێخ عوسمانی نەقشبەندی) وەرگرتووە، لەم تەوەرەدا توێژینەوەکە بە (سێ)خاڵ: (ئیرشاد بە نەزەر/ بینین، ئیرشاد بە سوحبەت/ گفتوگۆ، ئیرشاد بە خزمەت)ی لە شیعری شاعیردا خستووەتەڕوو. لەگەڵ خستنەڕووی ئەنجامی توێژینەوەکە و دانانی لیستی سەرچاوەکان.

## پێشەکی:

لە گێتی ئەدەبدا؛ شیعر چەشنی زمانێکی سەربەرخۆ خۆی دەنوێنێ، شاعیر بەو زمانە بە دووبارە بەکارهێنانەوەی وشەی ئاسایی لە نەستیدا مەبەستێکی نائاسایی دەردەبڕێت. هەر ئەمە دەربڕینی مەبەستەکە جودا دەکاتەوە لە نووسینی غەیرە شیعریی وەك پەخشان و هەروەك ئەم زمانەجودایە لە ناواخنیا هەڵگری چەند شێوەزارێکی ترە و بەپێی سەردەمەکان بیری ئایینی و نیشتمانیی و سیاسی... پێ دەردەبڕێت. بە نموونەی بیری ئایینی کە سیماجوان و ڕەنگاوڕەنگەکانی: موناجات و نەعت و تەصەوف و ماتەمنامە و... لەخۆدەگرێت و لقی سۆفیگەرێتی لە دنیای تەصەوفدا کە بانتاییەکی فراوانی لەم بیرە ئایینە گرتووەتەوە و بەشدارییەکی کارایشی لە دیوانی شیعری شاعیران هەبووە. چونکە مامەڵە لەگەڵ باتنیەتدا دەکات و لە ڕێگەی عیشقەوە هەنگاو دەنێن بەرەو حەقیقەت.

گەرمیانی زەوی گەرم و سەرزەمینی ئازاکان، شاعیرانی چەشنی: ئەحمەد بەگی زەنگەنە و خەمناکی و زەبوون و حەسەن کەنۆش و دانش و مینە جاف و بێدار و شاکەلی... لە کۆنەوە بە شیعر بیرە ڕەنگاوڕەنگەکانیان دەربڕیوە و لە سەدەی (حەڤدە)بە دواوە دیرۆکی شیعری ئەم دەڤەریان نەخشاندووە. لەم مێژووە کەڤنارەدا و لە سەدەی بیستی ڕابردوو شاکەلی (1907-1982) یەکێکە لە هۆنەرە خواناسەکانی ئەم دەڤەرە و لە دنیای تەصەوفییدا چەندین شیعری هۆنیوەتەوە و ئەو شیعرە ئایینی-سۆفیگەرییانەی ئەو، ئەمڕۆ کەرەستەی توێژنەکەی ئێمەیە و توێژینەوەکەیش هەوڵدەدات پێگەی ئەم هۆنەرە گەرمیانییە لە پاژێك لە گێتی تەصەوفییدا و لە چوارچێوەی ژیانی نێوان مورید و ئیرشاد و هەر مەقامێك شاعیر پێی گەیشتبێ لەم گێتییەدا بخاتە ڕوو.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە: باوی و بەرفراوانی لایەنی تەصەوف لە شیعری کوردیی و وەك پێویست کارنەکردن لەسەر ئەم بوارە لەسەر شاعیرانی گەرمیان و تایبەت شاکەلی هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە بوو بۆ توێژینەوەکە.

میتۆدی توێژینەوەکە: بۆ کارکردن و هەوڵدان بۆ گەشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژنەوەکە لە چوارچێوەی میتۆدی سیاقخوازییدا، پشتی بە فرەمیتۆدی بەستووە وەك شیکاری پەسنی و میتۆدی سایکۆ-سۆسیۆلیجی.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە پێشەکیی و دەروازە و سێ تەوەرە و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. دەروازەی توێژینەوەکە تایبەتە بە ژیانی شاعیر. تەوەری یەکەم بە ناوی (تەسەوف لە دیوانی شاکەلی)دا تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی پێگەی شاعیر لە گێتی ئەدەبی تەصەوفییدا لەگەڵ چەمك و زاراوەی تێرمی (تەسەوف) و بە دوو خاڵ (تەریقەتی شاکەلی، مورشیدی شاکەلی) ڕوونکراوەتەوە. تەوەری دووەمی توێژینەوەکە بە ناوی (پێگەی مەقام و لقەکانی لە شیعری شاکەلییدا) هەوڵیداوە لە ڕێگەی خستنەڕووی مەقامە دینییەکانی وەك (تەوبە، زوهد، وەرع و...) تەصەوفییەت لای شاکەلی بخاتە ڕوو. تەوەری سێهەم بەناوی (ئیرشاد، لە نێوان مورید و مورشید (شاکەلی و شێخ عوسمانی نەقشبەندی)دا، تەرخانکراوە بۆ باسکردن لەسەر ئەو ڕێگایانەی کە شاکەلی شاعیر وەك موریدێك ئیرشادی لە مورشید(شێخ عوسمانی نەقشبەندی) وەرگرتووە، لەم تەوەرەدا توێژینەوەکە بە (سێ)خاڵ: (ئیرشاد بە نەزەر/ بینین، ئیرشاد بە سوحبەت/ گفتوگۆ، ئیرشاد بە خزمەت)ی لە شیعری شاعیردا خستووەتەڕوو. هەروەها لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکان و سەرچاوەکان و کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## دەروازە: پاژێك لە پەسنی ژیانی شاکەلی

ناوی تەواوی "شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ شهاب الدین کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ ئیبراهیمی بەرزنجیە" (عومەر، 2021: 55)، ساڵی لەدیکبوونی بە(1ی 7ی 1907ز) تۆمارکراوە، هەروەها لە بنەماڵەی شاعیرمان پرسیوە؛ مردنەکەی لە ساڵی (1982)ز بووە، واتا (شاکەلی) لە تەمەنی نزیك بە (75) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. لە شیعرەکانیدا سەرەتا ناسناوی (حەمدی) و دواتر (شاکەلی)ی داناوە. خاوەنی (دوو) هاوسەر و (چوار)کوڕ و (سێ)کچی هەبووە، پیاوێکی خواناس و عارف بووە و هەر بە منداڵیی خراوەتە بەرخوێندن، تەمەنی لاوێتی بە ڕاو و ڕابواردن بردوەتە سەر و لەتەمەنی (بیست)ساڵی دەستی داوەتە شیعر نووسین. لە دنیای عیشقبازیی خۆیدا سەرەتا دڵبەندی (ڕەعنا)ی مەجازی دەبێت و لە چەند هۆنراوەیەکیدا دان بەو دڵبەندییەیدا دەنێت:

ئاخ! بە ئاواتێکی کاملی سیروان ئەمما ئەبوو

تاکە ڕێگەی هات و چۆم، بۆخزمەتی (ڕەعنا) ئەبوو (کاکەیی، 2013: 82)

ئەم ڕەعنایە دەبێتە هەوێنی چەندین دەقی شیعری دڵدارانە و ناوەڕۆکی شیعری ئەوینداری پێ دەوڵەمەند کردووە. بەڵام ئەم عیشقە مەجازییەی بێ سەمەر دەبێ، بۆیە واز لەم مەجازە دێنێت و ڕوودەکاتە یارێکی تر لە پێناو یاری باڵا.

لەپاش بە نسیب نەبوونی ڕەعنا، ئیدی بەدوای ئاوێنەیەك دەگەڕێت تا عیشقی حەقیقی تێدا ببینێت، بۆیە سەرەتا پەنا دەباتەبەر (ئەنوەر)ناوێك/ ئەنوەری وانی، کە دەگوترێت ئەمیش بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەت چوەتە گەرمیان و ماوەیەك لە خزمەتی شاکەلی بووە:

بە ئیمانێکی چاوانت دەخیلە خوا پەرەستمکە

لە زومرەی خود پەرەستانم مەدەد یا ئەنوەروانی (کاکەیی، 2013: 60)

(ئەنوەر)یش نابێتە ئاوێنەی باڵا نوێن بۆ شاکەلی و دیسان بەدوای یاردا دەگەڕێت، هەتا ئەوکاتەی لە ساڵی (1947) لە کفری-شاکەل، بە شێخ عوسمانی دووەم(ق.س) دەگات، ئیدی لەو یەکەم بینینەوە شاعیر دەبێتە مورید و سالکی تەریقەتی نەقشبەندی و ئەوان پەروەردەی دەکەن:

من یادگاری دەستی ئەوانم


پەروەردەی دەستی شاهی عوسمانم (کاکەیی، 2013: 22)

شاکەلی لە ژینی خۆیدا پەیوەندیی لەگەڵ شێخ عوسمان هێندە بە گرنگ و جۆشەوە دەبێ، زۆرێك لە حاڵەکان تێدەپەڕێنێت و دەگاتە پلەی مەقامەکان و بەم چەشنە دەگاتە (فنا في الشيخ) و ئیرشاد وەردەگرێت و دەبێتە نوێنەر و جێگرەوەی شێخ عوسمان و تەریقەتەکەی لە گەرمیاندا.

## تەوەری یەکەم:تەسەوف لە دیوانی شاکەلییدا

تەسەوفیەت، بزوتنەوەیەکی مەعنەوییە و مامەڵە لەگەڵ ڕۆحی مرۆڤدا دەکات، "ڕەفتار و هەڵسوکەوت و میتۆدی بیرکردنەوەی مرۆڤانەی هۆشمەندانەی ئامانجدارە" (د.دارا و م.ابراهيم، 2014: 22) فەلسەفەی ئەم ڕێگەیە گەڕانە بەدوای بوونی ڕەها(کردگار) کە کۆکەرەوەی گشت بوونە ئافرێنراوەکانی ترە و لە دنیادا بەدوای دروستکردنی "ئەو ڕەوشتانەیە کە خودا پێی خۆشە" (الكاشاني، 1992: 50)، یان ئەم بزوتنەوەیە "گوێڕایەڵیی و پابەندبوونە بە فەرمانی خودا و دوورکەوتنەوەیە لە قەدەغەکراوەکان بە ئاشکرا و نهێنی لە دەروون و دەرەوەدا" (حمدی، 2000: 50) لە فەلسەفەی تەسەوفییەتدا گیانی کردگار لە گشت بوونەکانی تری سەرزەوی و ئاسمانەکان ڕەنگدەداتەوە، بەشی زۆری ئەم ڕەنگدانەوەیە بەر مرۆڤ کەوتووە، ئەو ڕێبازانەی لە چوارچێوەی فەلسەفەی تەسەوفییەتدا پەروەردە بوون کەوتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە مرۆڤ ناتوانێت ڕاستەوخۆ بە کردگار بکات، بۆیە پەنا دەبەنە بەر مرۆڤێکی تر وەك مورشید(شێخ) بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بگەن بە ڕەزامەندی پێغەمبەر (ص) و لەڕێگەی ئەویشەوە بگەن بە ڕەزامەندی خودا کە خاوەنی بوونی ڕەهایە. هەر بۆیە مەبەستی سەرەکیی تەسەوفیەت(سۆفیزمی) گەڕانە بۆ دۆزینەوەی کردگار. هەیشە وتوویەتی " بریتییە لە بزووتنەوەی گۆشەگیری و دوورکەوتنەوە لە دنیا و ڕووکردنە خواپەرستییەکی بەردەوام" (حسێن، 2018: 86). لەبارەی سەرهەڵدانی تەسەوفیەتەوە ئەوترێت: "بزوتنەوەی سۆفیزمی و شۆڕشێك بووە لە دژی فەرمانڕەوایی بیرۆکراتیی و تۆتالیتاریی خەلیفەی بەغداد لەسەر بنچینەی ئەوەی شەریعەت بڕیاری خودای دەستنیشانکردووە لە ئەزەلەوە تا ئەبەد، بەڵام ئەهلی تەسەوف(سۆفیزم) باوەڕی بە تازەکردنەوە و داهێنان هەبوو، لەبەر ئەوە وەك ڕێبازێکی فەلسەفی کەوتە ناوەوە" (خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی (ب.3)، 2010: 34)، مەلا و زانایانی ئایین لایەنگری شەریعەت بوون و کەوتنە شەڕ و بەربەرەکانێ لەگەڵ لایەنگرانی ئەهلی تەسەوف، ئەم دووبەرەکییە بوو بەهۆی ئەوەی کە (تەریقەت) بێتە ئاراوە لەلایەن سۆفییەکانەوە کە لە کۆمەڵەی جیاجیا خۆیان نیشاندەدا، وەك تەریقەتەکانی: خەڵوەتی، ڕیفاعی، قادری، نەقشبەندی و... ئەم تەریقەتانە، لە ناوچەکانی خۆیان تەکیەیان وەك بنکەی سەرەکی دانا و تێدا دەستیانکرد بە دانانی دەستوور و یاسای تایبەت بە خۆیان و بۆ ئەو کەسانەی کە دەچێتە ناو تەریقەتەکانیانەوە. ڕچی تەریقەت ڕوون نییە کەی بە کوردستاندا بڵاوبووەتەوە، بەڵام دوو تەریقەتی سەرەکی (نەقشبەندی، قادری) لەپاش دروستبوونیان دەستیان بە چالاکیی خۆیان کرد لە ناو کوردەکان، بەتایبەتی تەریقەتی نەقشبەندی کە ناوەڕۆکی باسمانە؛ ئەم تەریقەتە(نەقشبەندی) "دامەزرێنەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شێخ محەمەد

بەهائەدینی بوخاری(717-791)، لە تورکستانی ڕۆژهەڵات هاتووەتە دنیاوە و لە هەمانشوێن کۆچی دوایی کردووە" (ڕۆژبەیانی، و:شێرزاد محەمەدئەمین، 2018: 73). دواتر ئەم تەریقەتە لە لایەن مەولانا خالید(1193-1242)هوە هێنرایە کوردستان و لەپاش ئەو و بەچەند پشت گەشتووەتە شاکەلی (بنوارە تابلۆی ژمارە 1):




شاکەلی، وەك موریدێکی تەریقەت لەگەڵ پەیوەندیی بە دنیای تەسەوفیەتەوە هەوڵیداوە بە دوای بووندا بگەرێت، گیانی کردگاری لە شێخەکەیدا بینیوە و وەك لە شیعرەکانیدا ئەوە بەدەردەکەوێت و پانتاییەکی زۆری بۆ تەرخانکردووە بەشێوەیەك لە دیوانەکەیدا (41)دەق شیعری سۆفیزمی تێدایە. شیعرەکانی دیوانی شاکەلی لەم ڕووەوە چەشنی زۆرێك لە شاعیرانی تری سوفیزم پاڕانەوە و هاوار و هەواڵپرسین و وەلای نامەی شێخەکەیەتی. بە خوێندنەوەی شیعرە سۆفیگەرییەتیەکانی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ لە ئاستێکی باشدا نووسیونی و هۆکاری ئەم باش نووسینەی شاعیر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە "چونکە چ وەك ئەزموون، کاتێك بەوە دەستیکردووە بە نووسینی، کە پێشتر شیعری بۆ چەند مەبەستێکی تر نووسیبوو، ئەمەیش یاریدەی داوە بتوانێ دەستوبیری زیاتر ڕاپێ لە نووسین و هۆنینەوە، هەروەها خۆشەویستی شێخەکەیشی هۆکارێکی تر بوو جوانتر و هونەرییانەتر شیعر بنووسێت و وێنەی هونەری جوانی بە بەردا بکات" (عومەر، ڕۆڵی شێخ ئەحمەدی...، 2021: 82).

شاکەلی، پاش جێگیربوونی لە دێی (سەیدە) کە یەکێکە لە گوندەکانی دەشتی شاکەلی گەرمیانی سەر بە قەزای کەلار. زۆربەی کاتی بۆ ئەدەبی سۆفیگەرێتی و خزمەتی مورشیدەکەی بووە، لاو و پیر لە ناوچەکانی گەرمیانەوە سەردانیان کردووە وەك سەرچاوەی شیعریی سودیان لێ بینیوە و هەمیش لەسەردەستی شاکەلی تەریقەتیان وەرگرتووە. لەم سۆنگەوە تیشکێك دەخەینەسەر هەردوو لایەنی تەریقەت و مورشیدی شاکەلی:

1- **تەریقەتی شاکەلی**: تەریقەت "لە ئایینی ئیسلامدا بەو ڕێگەیە دەڵێن کە پێغەمبەر(ص) گرتوویەبەر، بەڵام ئەمرۆ ناوێکی تایبەتە بۆ بنەماڵەی خاوەن تەریقەتەکان" (ڕۆژبەیانی، و:شێرزاد محەمەدئەمین، 2018: 75) شاکەلی کە لە نەوەی (شێخ ئیبراهیمی بەرزنجی)یە، لە بنەڕەتدا سەر بە تەریقەتی قادریین کە "دامەزرێنەرەکەی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە (1077-1166) لەم ڕچەوە خۆیان دەگەیەننە ئیمامی عەلی(ع)" (کەسنەزانی، 2021: 8-9). شاکەلی شاعیر سەرەتا بۆ تەریقەت وەرگرتن شوێن (ئەنوەر وانی) دەکەوێت کە ماوەیەك هاتووەتە گەرمیان و لە خزمەتیدا بووە:

غەریقی بەحری عوسیانم مەدەد یا ئەنوەروانی
سووتای ناری حیرمانم مەدەد یا ئەنوەروانی (کاکەیی، 2013: 60)

لە دیوانی شاعیردا ئاماژە کراوە ئەم ئەنوەری وانییە کەسایەتییەك بێت و شێخ عوسمانی بیارە (ق.س) ناردبێتیە گەرمیان بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەت، بەڵام ئێمە ڕامان وایە کە دوای ئەوەی کەمالییەکان لە (1924) تەکیەکانیان لە تورکیا داخست و بڵاوکردنەوەی تەریقەت بوو بە نهێنی و ئەندامەکانیان بەشێکیان بە کپی لە شوێنی خۆیان مانەوە و بەشێکی تریان پەرت و بڵاوی شارەکانی تر بوون، ئەکرێت ئەم ئەنوەرە سەر بە ڕێبازی حەیدەرباش(قادری)ی بێت و هاتبێت بۆ گەرمیان بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەت، چونکە ئەوان دەسەڵاتداری تەریقەت بوون لە ناوچەی دیاربەکر و وان. لە دیوانی شاکەلییشدا بە شیعرێك بۆ مورید بوونی، داوای کردووە لە تەریقەتی قادری و وەك وتوویەتی:

وەرە (ئەحمەد) بناڵێنە لە قاپی پیری گەیلانی

کە مەعلومە سەگی ئەوکێیە وەك شێران شەرەفدارە (کاکەیی، 2013: 57)

شاکەلی لەسەر ڕچی بەرزنجەیی بوونی خۆی ماوەیەك سوود لە ئەنوەر وانی دەبینێت، بەڵام چ لە دیوانەکەی کە تەنها (سێ) غەزەلی بۆ وتووە و چی لە نامە و دەستنووسەکانی کە ئێمە تێدا گەڕواین زۆر لەگەڵ ئەم کەسە نەماوەتەوە و دوای ئەوەی بەدیداری شێخ عوسمانی بیارە(ق.س) شاد دەبێت، ئیتر دەکەوێتە ژێر فەرمان و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی تەریقەتی نەقشبەندی و پەیوەندییەکی بەهێز دروستدەکات. وەك لە شیعرەکانیدا ئەو پەیوەندییە دەردەکەوێ کە پەروەردە و پێگەیشتووی ئەو تەریقەتەیە:

من یادگاری دەستی ئەوانی

پەروەردەی دەستی شاهی عوسمانم (کاکەیی، 2013: 22)

یان تەریقەتی خۆی لە ڕێگەی وابەستەبوون و پەسنی شێخەکەی بە یار و ڕابەری دین و دنیای بەیان کردووە:

ڕابەری دنیا و دینم کاکە عوسمانی عەلا

چیم لە دووری دوورِوە، گەر تۆ لە سینەی شاکەلا (کاکەیی، 2013: 34)

بەم فۆرمە دەگەین بەوەی شاعیر موردێکی سەر بە تەریقەتی نەقشبەندییە. پەیرەوانی ئەم ڕێبازە زنجیرەی شێخایەتییەکەیان دەگەڕێننەوە بۆ پێغەمبەری ئیسلام (د.خ). لە پێغەمبەرەوە بۆ ئیمامی (ئەبو بەکر=تەسەوفی سوننی) ئەم زنجیرەیە بەجیا شۆڕ دەبێتەوە و لە (محەمەد کوڕی عەلی سادق) یەکدەگرنەوە و دووبارە جیا دەبنەوە بۆ دوولقی (بایەزیدی بەستامی) و (ئیمام موسای کازم) و لەپاش ئەمە بە (نۆ)پشت دەگەن بە دامەزرێنەری ڕێبازی نەقشبەندی(شای نەقشبەندی=بەهائەدینی نەقشبەندی=محەمەدی کوڕی محەمەدی بوخاری) و لە پاش ئەمە بە (سیازدە)پشت دەگات بە دامەزرێنەری ڕێبازی نەقشبەندی لە کوردستان (مەولانا خالدی شارەزووری) کە "لە (دەلهی) و لە ژێر دەستی (شاە غوڵام عەلیدا، تەمەسوکی بەم تەریقەتەوە کردووە" (کۆمەڵێك توێژەر، 2009: 10) و لە پاش ئەمە بە (شەش)پشت دەگات بە (شاکەلی) شاعیر(بڕوانە نەخشەی ژمارە 1).

شاکەلی لەگەڵ ئەوەی پێڕەوی تەریقەتی نەقشبەندی کردووە، هەروەها ڕچی خۆیشی لە ڕێگەی ئەم تەریقەتەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ سۆفیگەری سوننی باڵی ئیمامی ئەبو بەکر و سەلمانی فارسی:

وڵاتم (شاکەل)ە، ئەحمەد؛ تەخەڵوسی سولالەی تاهیرە نەسلم

سەگی سدیق و سەلمان و غوڵامی شاهی عوسمانم (کاکەیی، 2013: 39)

ئەهلی تەسەوف ڕێبازیان لەسەر کاریگەرییە مەعنەوییەکانی دڵ بونیاتناوە، ئەگەڕێنەوە سەر ئەوەی کە پێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی: " ما صبّ الله في صدري شيئاً إلاّ وصببته في صدر أبي بكر " (معاني، 2023) واتە خودا ئەوەی خستووەتە دڵی منەوە منیش بەخشیومە بە دڵی ئیمامی ئەبو بەکر، هەروەها لە بارەی سەلمانیشەوە وتوویەتی کە لە ئال و بەیتی ئێمەیە: "سلمان منا آل البيت" (سعيد و عبدالوهاب، 2019) بەمشێوەیە ئەوەی لە پێغەمبەرەوە ڕژاوەتە سەردڵی ئەبوبەکر، هەر بەوچەشنە دەڕژێتەسەر دڵی سەلمان و بە زنجیرەیی ئەم ڕژانە مەعنەوییە بەردەوام دەبێ تا دەگاتە سەردڵی مورشیدی شاکەلی کە (شێخ عوسمانی دووەمە).

ئەهلی تەسەوف (یار) دەکەن بە هێمایە بۆ ناوی شێخ، شاکەلی لە دیوانەکەیدا (دە)جار یاری لەبری ناوی شێخەکەی بەکارهێناوە، فەلسەفەی سۆفیزم گەڕان و گەیشتنە بە یار، ئەم ڕێگەیە دەکەن بە بیانوویەك بۆ گەیشتن بە خلود و مرازی دڵ، لەم وێسگەیەدا شێخ دەبێتە وەسیلە و پردی گەیشتن و لەوە بۆ پێغەمبەر و پاشان یاری باڵا.(بڕوانە تابلۆی ژ.2)

مورید ← شێخ(یار) ، پێغەمبەر(یار) ← خودا(یاری باڵا)

ڕووکەم لە یاری دێرین یەعنی نیگاری ڕەنگین

دەسمایەکەی دڵ و دین عوسمانی شێوە شیرین (کاکەیی، 2013: 37)

یان: نائیبی خەیرولئەنامی تۆ بە حوسنی خوڵقەوە

پەیڕەوی پێغەمبەرێکی ساحێبی ڕوتبەی خیتام (کاکەیی، 2013: 42)

وەك دەبینین یار دەبێتە شوێنگرەوەی پێغەمبەر و شاعیر وەك سالك و ڕێبوارێکی ئەو ڕێگەیە دین و دنیای بەستوەتەوە بە یار (شێخ عوسمانی نەقشبەندی)یەوە.

2- **مورشیدی شاکەلی:** مورشید(شێخ)، هەمان ئەرك و واتای (پیر، موراد)یان هەیە، کاشانی پێیوایە مورشید "کەسێکە شارەزای لە بوارەکانی حەقیقەت و تەریقەت و شەریعەتدا هەیە" (محمد میری و حسن رمضانی، 1400: 243) کەواتە زانستخواز و ڕێبەری مەعنەوی موریدانە، نێردراو و سەربازی خودایە، ڕێبەرایەتی و هیدایەتی سالیکەکان دەدات و خودایان لەلا خوشەویست دەکات، بۆیە خودا ئەویشی خۆشدەوێت. واتە ڕێگەی خۆشویستنی خودا پێشاندەدات لە ڕێگەی ئەوەی کە خودا بە پێغەمبەری فەرمووە: ((قُلۡ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٣٢)) (آل عِمۡرَان: تحجتحم) واتە: ئەی پێغەمبەر(د.خ) بە ئیمانداران بڵێ: گەر ئێوە خوداتان خۆشدەوێت، پێویستە شوێنی بکەون و لە فەرمانی دەرنەچن، ئەوکاتە خوداش ئێوەی خۆشدەوێت و لە گوناح و هەڵەکانتان خۆشدەوێت، چونکە لێخۆشبوو و میهرەبانە.

وەك وتمان مورشیدەکانی تەریقەت خۆیان بە وەلی پێغەمبەر دەزانن و بە فەلسەفەی خۆیان کار بۆ وریاکردنەوەی دڵی مورید دەکەن لە خەوشی و بەدبینی پاکی دەکەنەوە، لەبارەی ئەم پەیوەندییەوە ئەڵێن "خۆشەویسترین بەندەی خودای باڵا بۆ خودا، ئەوانەن کە خودا لای بەندەکانی خۆشەویست دەکەن و لەسەر زەوی بە ئامۆژگارییەوە دەڕۆن" (عومەری و: هۆشەنگ، 2021: 112) مورشیدەکان لەم ئەرکەدا خۆیان دەبیننەوە و کاتی ئامۆژگاریکردنی موریدەکانیان وایان تێدەگەیەنن کە لەم گێتییە فراوانەدا تەنها ئەوانن ڕێگەی نەجات و قسە و داوای ئەوان نەکردنی نییە و پێویستە وەکخۆی جێبەجێ بکرێت. کاتی پەرێشانبوونی مورید و گیرۆدەبوون بە دەستی نەفس و هەواوە، تاکە ڕێگەی نەجات؛ داوا و هاوارکردنە شێخە:

شەها ڕەحمێ بە حاڵم کە چون موستەوجیبی لوتفم

لەژێر باری خەتا پشتم شکستە و پەست و دووتایە

زەلیلی ئارەزووی دنیام و دیلی سەرکەشتی نەفسم

دەوای ئەم دەرد و ئازارە لە عەتفی تۆم تەمەننایە (کاکەیی، 2013: 44)

یان:

بەهەشت و دین و دنیامی بەڕاستی تۆ تەمەننامی

دەرم بێنی لە بەدنامی گەلێ بەدناو و ئاسارم (کاکەیی، 2013: 78)

شاکەلی لە نێو هەڵبەستەکانیدا مورشیدی خۆیمان پێ دەناسێنێت. لە نێو شیعرەکانیەوە سلوکی شاکەلی و پەیوەستبوون و مەقامەکانی وەك موریدێکی ڕێبازی نەقشبەندی دەبینین.

مورشیدی شاکەلی "شێخ محمد عوسمان کوڕی شێخ محمد عەلائەدینی کوڕی شێخ عمر ضیائەدین کوڕی شێخ عوسمان سیراجەدینی یەکەمە" (نەقشبەندی، 2013) و ناسراوە بە شێخ عوسمانی دووەم (1896-1997)، جگە لەوەی مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی بووە، پیاوێکی خوێنەوار و شاعیر و ئەدیب بووە، سەرەتای پەیوەندیی شاکەلی بەم مورشیدەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی کە بە ڕێکەوت شاکەلی چاوی بە (شێخ عوسمانی نەقشبەندی-ق.د) دەکەوێ و دەبێت بە موریدی و دەچێتەسەر ڕێبازی نەقشبەندی، دەکرێت بڵێین: "شێخ ئەحمەدی شاکەلی، سەرەتای پەیوەندی بە مورشید و تەریقەتەوە، دەگەڕێتەوە ساڵەکانی 1946 و 1947" (عومەر، ڕۆڵی شێخ ئەحمەدی...، : 80)، ئیدی لەپاش ئەمەوە دۆستایەتی نێوانیان گەلێك باش و خۆش دەبێت و ئەم پەیوەندییە دەبێتە هۆی نووسینی چەندین دەق وەسف و پیاهەڵدان بۆ شێخەکەی:

شێخی من شاهێکە ڕووخساری ئەڵێی دەستەگوڵە

نەشئەیی شەهلایێ چاوی شەربەتی دەردە دڵە

سورەت و سیما لە تیفە وەك مەئیك بێ خەتا

ئەم مەلەك ئەوسافە گۆیا مەنشەئی ئاو و گڵە (کاکەیی، 2013: 49)

ئەدەبنواندنی شاکەلی بۆ مورشیدەکەی، پانتاییەکی باشی لە دەقە سۆفیزمەکانیدا گرتوە، بێگومان ئەم هەڵوێستەی هەستێکی مەعنەویی ئێجگار سەنگین بە شاکەلی دەبەخشێت و کاریگەرییەکەی جگە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەی بە هاتنەبوونی دەقی شیعریش بووە، ئەم ئادابە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی تەریقەت و کار دەکەن بۆ ئەوەی هێزی مەعنەوی موریدەکانیان بێننەدەر و ئەدەبی پێ چێبکەن، چونکە لە فەلسەفەی سۆفیزمیدا ئەدەب "دەرهێنانی ئەوەی لە هێزدایە بۆ کردار" (عومەری، و: هۆشەنگ، 2021: 331) ئەم ئەدەبە ڕاستەوخۆ نایەتە بوون، بۆ ئەوەی بێتە بوون، موریدەکان پێویستە لە مەشقکردنێکی بەردەوامدابن بە چاودێری و یاوەریی مورشیدی تەریقەت:

یارەب منی پڕ خەتا، نەمرم بە ناکەسی تا،

دەستم ئەگاتە دەستی پیرێکی جوان و نوورین

یەعنی سیراجەدین و بەدری مونیری تابان

عوسمانی شێخی ئێمە و ئێمەی لە سینە نەقشین (کاکەیی، 2013: 37)

مورشیدی شاکەلی، مواردی شاکەلییە و خۆیشی موریدی ئەو موراردەیە، موراد لە بنەچەدا بەو کەسانە دەوترێت کە خودا هەڵیبژاردون بۆ ڕێبەریی کردن، وەك پێغەمبەرەکان. لە ڕێبازی سۆفیزمیدا ئەو مورشیدانەن کە ڕاستەوخۆ هەڵبژاردراون لە لایەن شێخی گەورەوە، ئەمەیش کاتی نەمانی شێخی ئێرشاد یان کۆچکردن بۆ جێگەی ترەوە دێتەبوون. ڕاستە نەوەی شیخەکان هەر لە تەکیەکان گەورەبوون، بەڵام کەمجاران واهەڵدەکەوێت کە مورشید بە هەمان پلەی موریدیدا گەشتبێتە پلەی مورشیدی، هەر ئەوەیە کە شێخی ئێرشاد دەیکات بە مورشید و ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە(موراد). پاش وەفاتی شێخ عەلائەدین(ق.س)، شیخ عوسمانی دووەم(ق.س) دەبێتە مورشیدی تەکیەی بیارە، لەبارەی ئەم مورادبوونەی مورشیدەکەیەوە وتوویەتی:

جێگەداری ئالی عوسمان تۆی سیراجەدینی من


هەڵبژێراوی دەس و بازووی عەلائەدینی من (کاکەیی، 2013: 36)

شاعیر لەگەڵ شێخ عەلائەدین(1854-1950) عەلاقەتمەندبووە و پەیوەندییان هەبووە، لە پاش کۆچی دوایی ئەم شێخە وەك لە شیعرەکەدا دەردەکەوێت: (جیگەداری ئالی عوسمان) کە مەبەست لە شێخ عوسمانی تەوێڵە(1774-1864)یە کە موریدی مەولانا خالید بووە، ئەوەمان پێ دەڵێ کە شێخ عوسمانی دووەم(ق.س) لە نەوە و جێنشینی شەجەرەی شێخ عوسمانی تەوێڵە(سیراجەدین)ە و ئەم شێخەی هەڵبژێردراو(موراد)ی مەرحوم شێخ عەلائەدینی باوکی شێخ عوسمانی دووەمە.

تەوەری دووەهەم: پێگەی مەقام و لقەکانی لە شیعری شاکەلییدا

ئەڵێن: "مەقام پێگەی بەندەیە لە دەستی خودای گەورەدا لە ڕووی پەرستن و خەبات وخەڵوە و ڕیازەت و پەرۆشیی بۆ خودای گەورە" (الطوسی، 1960: 65)، بۆ دنیای تەصەوفیش هەروا وەرگیراوە کە پێگە و پلەوپایەی بەندەی موریدە لای شێخی تەریقەت و خودا. بۆ تێگەیشتنی باشتر لە مەقام پێویستە لە چەمکی(حاڵ)یش بگەین کە خورپەیەکی شیرینی زەمەن کورتە لە دەروونی مورید دا و شەتەح بوون دەنوێنێ لەکاتی یادکردنی خودا، یان "ئامادەکردنی

دڵ و ئارەزووەوە بۆ گۆڕان و ئاسودەبوونی ڕۆح" (الکاشانی، 1992: 194) یان وتراوە "حاڵ ڕۆحێکی ڕاگوزەرە و مەقامیشە هەمیشەیی، حاڵ هەستە و مەقام سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قورئان و سالك نزیك دەکاتەوە لە خودا یان دروستکراوێکی خودا" (نورازر، 1398: 346) کەواتە پێش مەقام (حاڵ)هەیە و حاڵ وەك خورپەیەك لە دڵدا خولدەخوات، گەر جێگەی گرت و ئیستقامەی هەبوو، ئەوە دەبێتە مەقام (بڕوانە تابلۆی ژ.3)




کەواتە مەقام جوهد و خواپەرەستیی زیاتری دەوێت بۆ هاتنەبوون، ڕێبوارانی ئەم ڕێگەیە هەرچی مەرجی هەر مەقامێك هەیە دەیکەن، تا بتوانن بگەن بە مەقامێکی تر، واتە مورید هەتا مەقامی (تەوبە) نەبڕێت ناگات بە (زوهد) و(وەرع)... لەژێر ئەم پەسنەدا ئەو مەقامانەی کە شاکەلی پێی گەیشتووە لە ژیانی موریدێتیی خۆیدا، ئاماژەی پێ دەکەین:

1- تەوبە: دەروازە و بنەڕەتی هەموو مەقامەکانە، ئەڵێن "لە ئیسلامدا ناوێکی تایبەتە بۆ پەشیمانبوونەوە لە گوناح" (ڕۆژبەیانی، و:شێرزاد محەمەدئەمین، 2018: 56). تەوبە وازهێنانە لە کاری بەدی نەفس و گەشانەوەی دڵە، بە باوەڕی گەورە پیاوانی تەسەوف "پەشیمانبوونەوە و دەستهەڵگرتن لە کارێکە کە دژی فەرمانی خوداییە" (نەقشبەندی، 2015: 195) ئیتر ئەم پەشیمان بوونەوە دەکرێت لە ڕێگەی زانینەوە بێت یان لە ڕێگەی ئەقڵ و یان لە ڕێگەی ئیمانەوە بێت، تەوبە بۆهەموو باوەڕدارێکی موسڵمان ئەمر و فەرمانی خودایە و پێویستە جێبەجێ بکرێت، هەروەك بەپێی قورئانی پیرۆز تەوبە فەرزە لەسەر موسڵمانان، وەك خودا فەرمویەتی: ((وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٣١)) (النُّور: ٣١) واتە: ئیمانداران بەرەو لای خودا و ڕەزامەندیی ئەو بگەڕێنەوە، بۆ ئەوەی ڕزگار و سەرفراز بن.

سوجدەیی شوکرت بکەم (تەوبة) و (أنابة) پیشەکەم

ڕوو لە قاپی تۆ بکەم، پشتکەم لە بابی بێوەفا (کاکەیی، 2013: 62)

لای سالك مەرجی یەکەم و هەم یەکەم مەقامە و بەبێ تەوبە مەقامەکانی تر نایەنە بوون، شاکەلی لەڕێگەی ئەم شیعرەوە بە بەکارهێنانی هەریەك لە (تەوبة و أنابة) بە شێوەیەکی ئاشکرا دەستی هەڵگرتووە لە موخالەفەی شەرعی، تەسلیم بووە بەو ئاکارانەی کە خودا پێی خۆشە بە پێی ئەحکامەکانی شەرع، شاعیر بارتەقای ئەوەی کە نەخۆشبووە و ئەو نەخۆشییەی وەك عەزابێکی خودایی بینیوە، (تەوبة)ی کردووە، لێرەدا ئەم تەوبەیە بۆ ئەوکاتەیە کە کەسێك لە ترسی عەزاب و ئازاری خوداپێداو دەیکات بۆ وەرگرتنی لەشساغی و خۆشیی ئەم دنیا و بەهەشت، هەروەك بە بەکارهێنانی (أنابة) لەبەر شەرمکردنە لە خودا، چونکە خودا چاوی لە کردەوەکانیەتی و لە هەموو کردەوەکانی ئاگادارە. هەر لە نێو مەقامی تەوبەدا شاکەلی چەمکی (أواب) لە شعیرەکانیدا بە ناڕاستەوخۆیی بەکاردێنێ کە بەو کەسە ئەڵێن کە لەبەر دانان بە گەورەیی خودا و نزیکی خراپە ناکەونەوە و هەموو چاکەیەکیشی لێ دەوەشێتەوە و بە یەقینەوە باوەڕی بە موجیب بوونی خودا هەیە:

تۆ موجیب و من موناجاتم گەیاننە بارەگا

زۆر ئەمەل دارم ئیجابەت کەی بە لوتف و کبریا (کاکەیی، 2013: 62)

کەواتە تەوبە ڕووکردنە دین و تەسلیم بوون و پاککردنەوەی دڵ و خۆ بە دەستەوەدانی ڕۆح و بچوکبوونەوەی بەندەیە بەرانبەر خودا و دوورکەوتنەوەیە لە هەرشتیك دژی دینە، وەك وتویانە "تەوبە گەڕانەوەیە لە هەرشتێك کە دین مەحکومی کردووە و ڕووکردنە هەرشتێك بەرەو دین و زانستت ببات" (الطوسی، 1960: 68).

2- زوهد: یەکێکی ترە لە مەقامەکانی سۆفیزم، لەبارەی زوهدەوە وتوویانە "زوهد واتە چاوتێری و بەکەم ڕازی بوون" (نەقشبەندی، 2015: 203) یان "وازهێنان و خۆگرتنەوەی بەردەوامە لە شتە دنیاییەکان تا سڕینەوەی لە دڵدا" (حمدی، 2000: 74). لە زوهدا مورید پشتەکاتە سەروسامانی دنیا و گەریش دنیاویست بێ؛ ئەوە داوای زۆر ناکات بەتایبەت لە شێخەکەی، وەك جونەیدیش وتوویەتی "دەستبەردانە لە موڵك و ماڵی دنیا و ئازادکردنی ڕۆحە لە تەماح" (الطوسی، 1960: 72) شاکەلییش ئەمەی بۆ شێخەمەی بەیان کردووە:

کیفایەتمە ئەگەر خشتی سەری ڕێگەت سەریرم بێ

لە تەختی پادشاهیم چی سەریر و سەروەریم ناوێ (کاکەیی، 2013: 61)

کاری بەندە پاڕانەوەیە بۆ ڕازیبوونی خودا و بەدەستهێنانی بەهەشت، سالکانی ڕێگەی تەسەوفیش پاڕانەوەیانە لە دەرگای شێخ بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە ڕەزامەندیی بەدەستبهێنن، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ڕەزامەندییە خۆ بچوککردنەوە و بەکەم زانینیان لە زوهدیانەوەیە، وەك شاکەلی بۆ شێخەکەی داوا دەکات لە جێی (سەریر)ی ڕاستی کە تەختی پاشایەتییە، ئەو تەنها خشتێکی سەر ڕێگەکەی شێخی بەسە بۆ ئەو سەریرە.

3- وەرع: جیهادە لەگەڵ نەفسدا، وەك خودای گەورە فەرمویەتی: ((إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ)) (یُوسُف: ٥٣) بۆیە گەر نەفس بە نووری خودا ئاوەدان نەکرێتەوە، ئەوە ڕوودەکاتە گوناح و هەڵە و تاوان، لەبارەی وەرعەوە وتویانە: "وەرع خۆپاراستنە لە هەموو گوناهێك و بە وردی پرسینەوەیە لە حەڵاڵ و حەرام و تەنانەت دوورکەوتنەوە لە مەکروهەکان" (نەقشبەندی، 2015: 206) یان " هەندێکیان کە گەشتوونەتە پلەی وەرع ئیدی ئەو کارە دوودڵییانەی کە دەیکەن دڵ و سنگیان دێتە خوران پێی و هەستی پێ دەکەن" (الطوسی، 1960: 70) کەواتە ئەم

جەنگە تەنها لەگەڵ دەروون و نەفسدا خۆی نانوێنێت، بەڵکو لە سلوك و خواردن و گوتنیشدایە، شاکەلی بە بوونی شێخەکەی دەگات بە وەرع، داوای لێ دەکات هەتا کاتی مەرگی ئەوی لەلا بێ، بەو ئاواتەی دووربێ لە نەفسی بەدئاسا و نووری ئیمانی بەرکەوێ:

مورادم کاتی مردنمە لە لاما بابێمنێتۆ

لە گوڵزاری چەمەن چبکا ئەوەی مەرحرووەمی دیدارە

بە بێ دولبەر لە گوڵزارا بە خۆراپی ئەسوورێتۆ

وەکو تۆ مورشیدی ئەعزەم تەریقەی وەرعی شەرعی بێ (کاکەیی، 2013: 50)

لە بابی وەرعدا لای شاکەلی نیشتمان و دنیا، دوانەیەکن لە بەرگی هەوا و نەفسا، دوورکەوتنەوە و تەرککردنی لەم دوانە و ڕووکردنە شیخەکەی وەك دەرگایەك دەبینێ بۆ چوونە ناو بابی وەرعەوە:

ئەی وەتەن ئەمجارە حەقمە ڕوو لە ڕێی مەولا بکەم

گەر لە ڕاسی لێم ئەپرسی تەرکی تۆ و دنیا بکەم (کاکەیی، 2013: 74)

4- قەناعەت: لای ئەهلی تەصەوف، قەناعەت ڕازی بوونە بەوەی هەیە، هەڵپەی زیاتری دنیا نەکرێت، گرنگ ئەوەی هەیە ئەمرۆ ژیانی پێ بروات. باوەڕبوونە بەو ماڵە کەمەی کە هەیە و فەزڵی بدەیت بەسەر زۆردا. یان ئەڵێن قەناعەت: "ئەوەیە کە نەفس ڕزای بێت بەوەی کە هەیە" (نەقشبەندی، 2015: 208) لای شاکەلی چەشنی ئەوانی دی ئەم مەقامە سەرەتا لە شێوەی (حاڵ) بووە و دەروونی جۆشداوە:

ئەسیری نەفسی ئەممارەم زەلیلی دێوی مەککارەم

هەوا سوتانمی چارەم مەگەر ئەو شاهە چارێ کا (کاکەیی، 2013: 63)

ئەم حاڵە ماوەتەوە و لکاوە بە فوادی دڵییەوە تا بووە بەمەقام. لە مەقامی شاعیردا هەموو قەناعەتی لە دنیای بوون و ژینی مورشیدی دەبینێ، کە مورشیدی هەبوو، ئەوە لە حیرص ڕادەکات و زەخیرەی دنیا سودێکی نییە و بوونی ئەو قەناعەتە:

هەموو دنیا و ئەسبابی لەبەر چاوم لە پوولێکە

پەلوپۆ و بەرگی ژینی من بەیادی تۆ ئەجولێتۆ (کاکەیی، 2013: 49)

5- صەبر: لقێکیماندوکەری مەقامە، مرۆڤ دەبێت خۆڕاگربێ بەرانبەر بەڵا و موسیبەتەکانی دنیا هەروەك "صەبر بێ توانایی نییە بەرانبەر خۆگرتن لە بەڵا و موسیبەتەکان" (الطوسی، 1960: 77) هەرچی بۆ هات لە نەخۆشی و ناخۆشیی دنیا، ئەو بە دیاری و سەوقاتی خودایی بزانێ، وەك ئەڵێن "سەبر ڕازیبوون و خۆگرتنە بەرانبەر موسیبەت و بەڵای ڕۆژگار" (نەقشبەندی، 2015: 209) کوردەواریی لەم بارەیەوە جوانیان وتووە کە (هەرچی لای خواوە بێ، خۆشە)، جا ئەمە بەو ڕێگەیەمان دەگەیەنێتەوە کە لە مەقامی (صەبر)دا لای ئەهلی تەسەوف فەرق نیعمەت و بەڵا نامێنێ و هەردووکیان وەك دیاریی خوداوەند لێی دەڕوانن. شاکەلی لە ژینی خۆیدا کچ و کوڕێکی بە ناوەکانی (ئەنوەر، نەسرین) وەفات دەکەن، نەسرینی کچی بە منداڵیی و لە حەوزی ئاودا دەخنکێت و ئەنوەریش بە ڕووداوی هاتووچۆ. گەرچی مەگی نەسرین وای کردووە کە بڵێ:

غەمگینە دڵم زارە لەبەر فیرقەتی نەسرین

پەستە دڵەکەم ئێستە لە بۆ تیبەتی نەسرین (کاکەیی، 2013: 133)

خوای گەوەریش فەرمویەتی: بە دانبەخۆداگرتن، بەندە بێ ژمارە پاداشت دەدرێتەوە ((إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّـٰبِرُونَ أَجۡرَهُم بِغَيۡرِ حِسَابٖ ١٠)) (الزُّمَر: تجمتحج)

بەم کاریگەرییەوە شاکەلی لە دەرگای صەبر دەدات و داوادەکات لە خودا ئەم منالەی ببێتە گوڵ و گوڵزاری بەهەشت یاخود قەسر و باخ، بۆیە وتوویەتی:

گوڵزار و قسوور و گوڵ و موڵ بێ لە جینانان

(ئەحمەد) بە ئومێدم لە جەزای حەسرەتی نەسرین (کاکەیی، 2013: 133)

بەهەمان شێوەی نەسیرین، لە پاش بێقەرارییەکی زۆر و دەربڕینی خەم و بە حوزنەوە بۆ کۆچکردنی شێخ ئەنوەر وتوویەتی:

چەنێ تاریکە ئەم دنیا لە چاوی شاکەلی چونکە

لە بوستان دا لەناکاو و لەبەرچاوا نیهان ڕۆیی (کاکەیی، 2013: 144)

لە دیوانی شاکەلییدا و لەپاش وتنی چەند غەزەل بۆ کۆچی دوایی شێخ ئەنوەری کوڕی، دواتر بیری مەقامی تەصەوفیەت دڵی داگیر دەکات و دەڵێ:

بیحەمدیللا سوپای سەبرم بە تەعلیماتی عوسمانی

شکانی لەشکری شەك و بە ناچاری دوان ڕۆیی (کاکەیی، 2013: 144)

جا بەراستی مەقامی صەبر تاقەت پڕوکێنە بۆ ئەهلی تەصەوف، ئاخر نەفەسی دەوێ تۆ کوڕ و کچت وەفات بکەن و بتوانی خۆگربی، خوای گەورەیش لەبارەی صەبرەوە فەرمویەتی: ((وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّـٰبِرِينَ ٤٦)) (الأَنفَال: تمحتخم)

6- شوکر: وەك چۆن لە مەقامی قەناعەتدا کەسی تەصەوف شادمان و ڕازی بوو بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی و بە نیعمەتی خوای دەزانی، لە مەقامی شوکر خۆشحاڵی و ڕەزامەندی نیشاندانە بۆ هەموو نیعمەتەکانی خوداوەند تەنانەت نیعمەتەکەیش زۆرکەم بێ. لە قورئانی پیرۆزدا کە بەندە گوێڕایەڵ و جێبەجێکاری ئەرکەکانی بوو، ئەوە خودا سوپاسگوزارە وەك فەرمویەتی: ((وَمَن تَطَوَّعَ خَيۡرٗا فَإِنَّ ٱللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ ١٥٨)) (البَقَرَة: جمحتمجتحج) واتە: هەرکەس بە ئارەزوی خۆی چاکەیەکی کرد، ئەوە خودا سوپاسگوزاریانە. لای ئەهلی تەصەوف مەقامی سوپاسکردن واتە "بە زمان و هەم بە لەش و هەم بە دڵ شوکر بکرێت" (نەقشبەندی، 2015: 213) ئەمە ئەمانباتە سەر ئەوە باوەڕەکەی کە بە زمان شوکر و بە لەش ڕیازەت و کاروکاسبی حەڵاڵ و بە دڵ حاڵ و جەزبەکردن تا دەبێتە مەقام. شاعیر لە بەحری تەصەوفدا عاشقانە مەلە دەکات و بە مەستییەوە سوپاسی ئەم عیشقەیە:

بە فەقرو فاقە نازانم لە سایەی مایەی شەوقت

بحمدللە سەرئەفرازم کە بەندەی عیشقبازانم (کاکەیی، 2013: 39)

مورشید بۆ شاکەلی، تاکە ڕێگەیە کە دەیگەیەنێت بە وەصلی ئەسلی، هەموو هەوڵ و ماندوبوونێکی لە جێبەجێکردنی مەقامەکانی بەندە بە بوونی شێخەکەیەوە، شێخ موکمەلی دینە بۆ شاکەلی، بۆیە خۆی بە بەندەی ئەو شێخە لە قەڵەم دەدا، چونکە بەم ڕێگە سەرفرازی و دینی کاملی بەدەستدێنێ.

لە ڕووی ماڵی دنیاییشەوە شاکەلی بە کۆنتێنتی چەند شیعرێکیدا هەمان ئەو شوکرەی کردووە کە هەرچی هەیە لە ئێستە دا گەرچی کەم و خراپیش بێ، ئەوە بەرچاوی تێرە و لەگەڵ هەوڵداندا ئاواتی زیادبوونیشی بووە، وەك لە بارەی دەشتودەری ناوچەی شاکەل وتوویەتی:

شاکەل شیرینم ژینی شاکەلی

ئاخرئێر ئەبی بە مەولا عەلی

جاریٚ با وابیٚ ئێستە وێرانەی

لانەی قەل و قوش داڵ و چوغدانەی

بەڵام بە یاری پیری گەیلانی

بە مەدەکاری قوتبی ڕەبانی

بە پیری پیران شاهی بوخارا

سەرسەوز ئەتنبینم لە ڕۆژگارا (کاکەیی، 2013: 114)

7- تەوەککول(توکل): یەکێکی ترە لە مەقامەکان و واتە بوونی پشت و پەنا هەروەك (زیننوون) وتوویەتی "متمانەبوونی تەواوە بە خودا" (ئانا، 2020: 225)، بوونی نوێنەرێك و چارەنووس دانە دەستی ئەو نوێنەرە و لە هەردوو دنیا تەوەککولی پێ ببەستی، دیارە لە بنەڕەتدا ئەم پشتبەستنە بۆ خودا و هەر ئەوە بەسە: ((وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓ)) (الطَّلَاق: تحم) لە بنەڕتدا تەوەککول "بەندایەتی و خۆ بەستنەوەیە بە پەروەردگار، ڕازییە لە بەرانبەر نەهامەتییەکان و هەر ڕووە و خوایە" (الطوسی، 1960: 78)، بەڵام لە فەلسەفە و کۆزمۆزسی تەصەوفییەتدا مورید خۆی چارەنووسی ئەداتە دەستی مورشیدەکەی بە ئومێدی ئەوەی بیگەیەنێ بە پێغەمبەر و لەویشەوە بۆ خودا:

رووکە لە قاپی پیرێکی دانا

دانا و توانا لە عیلم و مان

زیوی مەغشوشا بکا خولاسە

ئەوە عوسمانە ڕاسە ئەم باسە (کاکەیی، 2013: 132)

لای شاکەلیش ئەم فەلسەفەیە شتێکی شاراوە نییە، بەڵکو بە وریایی خۆیەوە دەیەوێ لە ڕێگەی تەوەککول بە مورشیدەکەیەوە بیکات بە پردی پەڕینەوە بۆ گەشتن بە خودا:

(قاضی الحاجات) هەرچەند خودایە

بەڵام ئەسبابیش لوتفی مەولایە...

... هەموو بەتاڵە و داوی دنیایە

ڕێگەی سەرکەوتن لەلای مەولایە (کاکەیی، 2013: 175)

8- تسلیم: یەکێکی تر لە مەقامەکانی تەصەوف (تسلم)ە، ئەم مەقامە تەواوکەر و لەپاشی مەقامەکانی (شکر، توکل)دێ، خۆ تەسلیم کردنە بەخودا و هەرچی ڕوودات تەنانەت لە قازانجی تۆیش نەبێ. یان سپاردەی حەقە لەکاتی تیاچوون و مەترسیدا، یان وتوویانە "ڕادەستبوونە بە حوکمی شەریعەت بەبێ ئەوەی هیچ نارەزایی دەربێت یان بە دوای هۆکارەکەیدا بگەڕێ. دەروون تەسلیمی خودا و ملکەچی مەرجەکانی دەبن، بەبێ ململانێ و رق و کینە" (الکاشانی، 1992: 243) کەواتە حەقناسین و حەق وتنیش خۆسپاردنە بە خودا، شاکەلی لەمبارەوە وتوویەتی:

عەماری کەس نییە ورگم قسەی ڕاسی ئەبێ بکرێ

ئەگەر ڕۆژێ پەتیش بکرێم لەبەر دەرکی سەرای شارێ (کاکەیی، 2013: 129)

وەك چۆن نەخۆش بەبێ ترس خۆی دەخاتە بەردەمی دکتۆر و تەسلیمی دەبێ و تەنانەت ئامادەیە ورگیشی هەڵدرێ، چونکە دەزانێ ئەم ئازارەی پاداشت و سارێژبوونی بەدواوەیە، لێرەوە ئەکرێت تەسلیمبوون لەبەر خاتری پاداشت و شیفا و دوورکەوتنەوە لە سزا و نەخۆشیی بێت. خوای گەورەیش لە قورئاندا لەمبارەیەوە وتوویەتی: ((كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ وَهُوَ كُرۡهٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٢١٦)) (البَقَرَة: تمحتحجتحج) واتە: ڕەنگە ئەوەی لەسەرتان دانراوە لاتان ناخۆش بێت و ئەوەی پێتانخۆشبێ باش نەبێ بۆتان، خودا چاکی و خراپی بەندەی دەزانێ، بەڵام بەندە نایزانێ. کەواتە مرۆڤ لە پاش تەسلیم بوون بە قەدەرەکانی خودا پارانەوەی لەدەستدێ، وەك شاکەلی لەپاش نەخۆشکەوتنی وایکردووە:

تۆ (مجیب)و من موناجاتم گەیاننە بارەگا

زۆر ئەمەل دارم ئیجابەت کەی بە لوتف و کبریا (کاکەیی، 2013: 62)

9- موحاسەبە: لای ڕێبوارانی ڕێگەی تەصەوف واتە "لۆمەکردن و سەرزەنیشتکردنی نەفس" (نەقشبەندی، 2015: 225) ئەم مەقامە دەستبەردانە لە دنیا و "پەسنکردنی دنیایە وەك ئەدەبخانە کە بۆ پێویستی نەبێت سالك ڕێی تێناکەوێت" (ئانا، 2020: 210) لێرە مورید دەبێ هەمیشە لە گوماندا بێ بەرانبەر بە کردەوەکانی ڕۆژانەی بۆ ئەوەی بیربکاتەوە بزانێ لە ماوەی شەو و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵێکدا چی کارێکی گوناهی کردووە و لە چی کاتێکدا خودای لەبیر نەبووە. شاکەلی لۆمەی خۆی دەکا کە ژینی دنیایی وایکردووە تەمەنی ببات و غافڵگیر و کەمتر کاتی بە خودا داوە:

بە غەفڵەت سەرفی وەقتم بوو بە فکر و وەسڵی دنیاوە

نەگەییە دامەنی دەسم و ئەوا عومرم لە دەس دەرچوو (کاکەیی، 2013: 43)

لێرە مورید گەواهی ئەوە دەدا کە کار لەکار ترازاوە و زۆر دواکەوتووە و موحاسەبەی نەفسی خۆی دەکات و ئەم بەدنەفسییە ئەمانگەیەنێ بەو ئایەتەی کە نەفس بەرەو خراپەمان دەبات: ((إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةٌۢ بِٱلسُّوٓءِ)) (يُوسُف: تحمتمج) لەم سۆنگیەوە موریدێکی وەك شاکەلی لەسەر ئەم لۆمەکردنەی بەردەوام دەبێت و ئەلێ:

ئەی نەفسی بەد مەزاج دە لادە لە لاکی ئاز

بۆ تۆ سەگی، نە چەقەلی، نە گورگی نە کەرگەسی (کاکەیی، 2013: 47)

10- خوف: دیارە مرۆڤ سروشتی وایە بەرانبەر دەسەلاتێکی گەورە ترسی هەیە، جا ڕێگەی تەصەوف گەورەترین ترس؛ خەشم و قینی خوایە، بۆیە هەمیشە نزا و پاڕانەوەیانە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئاگری دۆزەخ و گەشتن بە ڕزق و ڕۆزوی بەهەشت: ((يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ١٦)) (السَّجْدَة: تمحتحج) موریدانی ڕێگەی تەصەوف ترسیان لە سەرچاوەی عالمیەتەوەیە، چونکە بەڕاستیی خوا دەناسن و هەمیشە بە ترسەوە لە هەوڵی ئەوەدان لەژێر ڕۆشنایی ئایەتەکانی قورئان جێی خۆیان بکەنەوە، بۆیە لەبارەی خەوفەوە وتویانە "بریتییە لە شەرمکردن لە گوناح و هەموو ئەو شتانەی کە خودا پێی ناخۆشە" بەڕای ئێمە لەم پێناسە جوانتر ئەوەیە، بەندە چی مورید بێ یان نە ئەوە بەو نیازەوە بترسێ کە خودا لە هەموو شوێنێك هەیە، وەك خودایش فەرمویەتی: ((وَلِلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُۚ فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا۟ فَثَمَّ وَجْهُ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ١١٥)) (البَقَرَة: تمجتحجتحج) کەواتە ڕووبکەنە هەرکوێ لە ڕۆژهەلات تا ڕۆژئاوا هەر خوا خاوەنیەتی و ئەوی لێیە.

شاکەلی لە نێو شیعرەکانیدا، بە زۆری ویستوویەتی لەڕێگەی شێخ (مەولا)هوە بگات بە پێغەمبەر(مەولا) و لەوێیشەوە بۆ ڕەزامەندیی خودا، کەمترین پاڕانەوەی ڕاستەوخۆی هەیە لە خودا، بەڵکو زیاتر لە ڕێگەی مورشید و جارجارەیش پێغەمبەرەوەیە:

یارەب منی پڕ خەتا نەمرم بە ناکەسی تا

دەستم ئەگاتە دەستی پیرێکی جوان و نوورین (کاکەیی، 2013: 37)

تەنانەت پاڕانەوەکەی بۆ ئەوە بووە کە خودا بیگەیەنێت بە مورشیدێك. لەم مەقامەیشدا لەپاش دەستگرتن و بوونی ترسێك لە مورشیدەکەی، پاڕانەوەی لە پێغەمبەر(ص)دێ و تکاکارە بەوەی لە مەحشەردا فریای کەوێ:

توخوا ڕۆژی جەزا کاتێ ڕجا ئەکەی مولتەجا

(شاکەلی) بێ بەش مەکە حەیفە کە سەرگەردانی تۆم (کاکەیی، 2013: 35)

11- ڕجا: ئەم مەقامەیش بەستراوی مەقامی پێشوو(خوف)ە، ئەڵێن ترس، ئومێدیشی بە داوەوە دێ، ڕێبوارانی ڕێگەی تەصەوف وەك چۆن لە ترسی خودا لۆمەی خۆیان دەکەن و هاوکات ئومێدیشیان هەیە بەوەی خودا بەڕەحم و بەخشندە و میهرەبانە، وەك فەرمویەتی: ((أُو۟لَٰٓئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ٢١٨)) (البَقَرَة: جمحتحجتحج) ئەوانەی داوادەکەن ئومێدەوار بن کە خودا ڕەحمیان پێ دەکات، چونکە بەڕاستیی خودا بەخشندە و میهرەبانە. لای شاکەلی ئومێد خواستن تەنها بە وتن نایە، تەنیا تکایەك نییە کە پێ گیان بکرێت، بەڵکو لەگەڵ ڕجا هەوڵی تەواوی خۆی دەدات و پاشان عەتفی خوای تەمەننایە:

دەستی ڕجای (شاکەلی) و چاکی دامێنت

یادی بکە لەسەرحەرگاهێکا کە هەڵئەسی (کاکەیی، 2013: 47)

هەندێکجار ئەم بابی مەقامە لای شاعیر چووەتە قۆناغی پاڕانەوە و ئومێدواری ئەوە بووە لە دنیای کوفر و غەفلەتا کە تەشبیهی بە شین و گریان کردووە دەربیێنێ:

یارسول الله ئەگەرچی ڕووڕەشی دیوانی تۆم

گەرنەبم خۆ هیچ نەبێ ریزە خۆری خوانی تۆم

لەو سەگی ئەصحابی کەهفتە من ئومێدی زیاترە

بۆ ئەوە من تووتە هەڵتووتاوەکەی دەربانی تۆم (کاکەیی، 2013: 35)

12- هەژاری: لە دنیا دا چۆن فەقیر لەبەر نەبوونی چاوەڕوانی دەستی دەوڵەمەندە، لای ڕێبوارانی تەسەوفیش هەمانشتە بەڵام هەژارییەکەی ئەهلی تەصەوف لەبەر بێ ماڵیی دنیا نییە، بەڵکو لەبەر کەمی تاعەت و داوای لێخۆشبوونە. خودایش لە قورئاندا ئەوەی بە بەندە گەیاندوە کە بەندە هەمیشە هەژاری لای خوایە: ((يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِ)) (فَاطِر: تمجتحج) کەواتە مەقامی هەژاری(فقر) واتە پاڕانەوەیەك لەبەر هەژاری ئیمانە بۆ خودا. ئەهلی ڕیازەتی ڕاستی هەر ئەوەن کە بەم دەست نانی دنیایان دەستکەوت بەو دەستیان ئەیبەخشن تا دەوڵەمەندی دڵ و ئیمانی بکات، بۆیە دنیا بە هیچ و شوێنێکی کاتکوشتووی دەزانن، شاکەلی لەم مەقامەدا وتوویەتی:

دە بەس نەقدی حەیاتی خۆت بکە سەرفی لە بۆ دنیا

کە هەرکەس دانیشێ تیایا تیاترۆ و ترۆ دەچوو (کاکەیی، 2013: 43)

کەواتە هەژاری بەشوێن سامانی دنیا نەکەوتنە یان "ئەگەریش بەدوای ماڵ کەوتن، ئەوە بەخاتری ئەوانی تر و بەخشینیەتی بەوان" (الطوسی، 1960: 75)، جا یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی کە "زیندانیکردنی نەفس وتیکۆشانە لەپێناوی خودا، خۆ بەستنەوەیە لە بەشوێنگەڕان بە دوای ڕزقورۆزی ئەم دنیادا و کارکردنە بۆ سامانی ئەو دنیا" (الجوزیة، 2001: 155) ئیدی فەقیری دەستبەردانە لە تەواوی مادیياتی دنیا و هەوڵدان بۆ گەشتن بە ڕەزامەندیی خودا، لە فەلسەفەی شیعری شاکەلییدا، دەستبەردانی لە دنیا  لە پێناو گەشتنە بە مورشیدەکەی، کە گەشتن بە ئەو؛ بەکامڵبوون دەزانێ، دیارە کە کامڵبوونیش ڕزگاربوونە لە هەژاری دڵ و دین:

نامەوێ دنیا بە بێ تۆ ئەی کەماڵی دینەکەم

دینی من دیداری تۆیە لەم سەراو و مەنزڵە (کاکەیی، 2013: 49)

13- صدق: واته "ڕاستگۆیی له نیەت و هۆکار له قسه و کردار، له چاودێری و چاوتێری و له دڵسۆزی کار" (الکاشانی، 1992: 254)، یان وتراوه "ڕاستگۆیی شمشێری خودایه لەسەر زەوی، لەسەر هیچ شتێك دانانرێ ئیللا دەیبڕێت، لەگەڵ درۆیش ڕووبەڕوو نابێتەوه ئیللا لەناوی دەبات" (الجوزیة، 2001: 29) کەواته ڕاستگۆبوونی بەندەیه بەرانبەر خودا و ئەم کردەیه بۆلای ئەو و بەهەشتەکەی دەبات، بۆیه لای شاکەلییش ڕاستگۆیی کردە و کلیل و بنەمای هاوڕێیەتی، ئامانجەکەیەتی. هیچ درۆزنێک ئەم مەقامه بەدەستناهێنێت نه له قسەکانیدا، نه له کردار نه له هیچ بارودۆخێکدا. بۆیه پێویسته سالك به ئاشکرا و نهێنی و له دڵ و دەروون صدیق بێ بۆ چوونه ناو مەقامەتییەکەیەوه.

هەرچەنده ڕووسیاهم، مەحجووب و پڕ گوناهم

لایەق به عەفووی شاهم عاسی و موقیر و موزتەر (کاکەیی، 2013: 73)

14- قورب: یەکێکی تره له مەقامه تایبەتییەکانی تەصەوف، واته نزیکی و دوای ڕیازەتێکی زۆر و پاك بوونەوەی نەفس دێته بوون، ئەم مەقامه بۆ ئەوەیه که مورید کەسی فریادڕەس به نزیك لەخۆی بزانێ و دەگاته ئەوکاتەی پەنای ناوێ، وەك شاکەلی ئەمەی کردووه:

ڕابەری دنیا و دینم کاکه عوسمانی عەلا

چیم له دووری دووروه گەر تۆی له سینەی شاکەلا (کاکەیی، 2013: 34)

بەو پێیەی ئەم مەقامه واته"نزیکی دڵ و خۆدانەدەستی خودا و ڕازونیازکردنه لەگەل ئەودا به ئاشکرا و نهێنی" (الطوسی، 1960: 84)، بەڵام نزیکیەکەی شاکەلی ڕاستەوخۆ بەهۆی خوداوه نییه، بەڵکو وەسیله بەکاردێنێ لەڕێگەی مەجازەوه بۆ حەقیقەت، ئەم نزیکیه به مورشیدەکەیەوه دەبەستێ که شێخ عوسمانه:

من وەکو ماسی و تۆ بەحری علوومی بێ حساو

هەر ئەسوڕێمۆ له ئاوا سك ڕەش و سینه سوتاو (کاکەیی، 2013: 55)

له مەقامی قورب دا گرنگ نزیکیەتی بەندەی تەصەوفه بۆ خودا، چونکه خودا بۆ خۆی هەر نزیك و ئاگاداری بەندەکانیەتی، وەك له قورئاندا فەرمویەتی: ((وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِۦ نَفْسُهُۥ ۖ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ ٱلْوَرِيدِ ١٦)) (ق: تمحتحج) وه وتراویشه "قورب له تەصەوف دا نزیکی بەندەیه له خودای مەزن بەهۆی خوداپەرەستیی تا حالەتی خۆلەیادکردن" شاکەلی ئەم نزیکییەتەی دووباره وەك پرد و بەستوویەتییەوه بەنزیکی شێخەکەیەوه، که ئەم قوربەی بەجۆرێکه خۆی بۆی بووه به (فەنا في النفس) و تواوەتەوه لەم ڕێگەدا:

شێخەکەی نەقشینەکەم قوربانی تۆبێ ژینەکەم

حازری ئەفکاری تۆ بووم بۆ ویقایەی دینەکەم

بۆ ویقایەی دینەکەم دوور و نزیکت بۆ نییه

کارەباێیکه نیگاهت بۆ سەوادی سینەکەم (کاکەیی، 2013: 69)

## تەوەری سێهەم: ئیرشادی مورشید بۆ مورید (شێخ عوسمانی نەقشبەندی و شاکەلی)

له ڕووی لێکزیمییەوه واته "ڕێنوێنیکردن و پێشاندانی ڕێگەی ڕاست و دروست" (للەخانی و خالقیان، 1399: 263) و (عبدااللە و مرضیه، 1396: 487) له دنیای تەصەوفدا (ئیرشاد) هەمان واتای لێکزیمی (ڕێنوینیکردن)ی هەیه. ئاشکرایه خودای گەوره به واسیتەی قورئان؛ پێغەمبەری بۆ ڕێنوێنیکردنی بەنده هێناوەته بوون بۆ ڕێگەی ڕاستی، وەك فەرمویەتی: ((وَإِنَّكَ لَتَهْدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسْتَقِيمٖ ٥٢)) (الشُّورَى: تحجتمجـ). ئیرشادکردن له بنەڕەتدا خودا به پێغەمبەر(المرشد الأعظم)ی داوه وەك هێزێکی ڕۆحی تا ڕێنوێنی پێ بکات بۆ بەنده، بەڵام شاکەلی ئەم تێڕوانینه له جێگەی پێغەمبەر بۆ موشیدەکەی دەگەڕێنێتەوه:

وەکو تۆ مورشیدی ئەعزەم تەریقەی وەرعی شەرعی بێ

له کاتی مردن و حەشرا موریدی خۆی ئەدۆزێتۆ (کاکەیی، 2013: 50)

ئەکرێت ئیرشاد به داواکاری مورشید بۆ شێخ یان به بێ داواکاری بێته بوون، لای شاکەلی له جۆری دووەم و به چوونەبەرەوەی خۆی هاتووەته بوون و ڕێنوێنی خۆی بەم ڕێگایانەی خوارەوەی له مورشیدەکەی وەرگرتووه و بەردەوام بووه تا ئەوکاتەی شێخ متمانەی خۆی پێ بەخشیوه و خەلعەت و خەرقەی پێ داوه. له گێتی ئیسلامدا ئیرشاد(ڕێنوێنیکردن) پاناتاییەکی فراوانی هەیه، وەك ئیرشاد به ئایەتی قورئان و فەرموده، دڵ و دەروون، به ڕێگەی کەسی(نێردراو)، بەڕێگەی زانست و... له دیوانی شاکەلییدا سێ جۆری ئیرشاد دەبینین، ئەوانیش: نەزەر(بینین)، سوحبەت(گفتوگۆ/ هاوڕێیەتی)، خزمەت. ئەم پاژانەی ڕاستەوخۆ له مورشیدەکەیەوه وەرگرتووه بەمشێوەیه:

1- **ئیرشاد به نەزەر/ بینین:** له شیعره سۆفیگەرێتییەکانی شاکەلی دا دەردەکەوێت که بینینی شێخ وەك تەوەجوهێکه بۆی، له بەرهەمی تەسەوفیشدا به تایبەتی له مەنقوبه و سەعادەت و ڕابەری تەریقەتدا پەروەردەکردن به نەزەر جێگەیەکەی گرنگ دەگرێت و وایدەبینن گەلێك کەس به نەزەری شێخ گەشتوون به پله و مەقامی بەرز و بڵند و هاتوونەتەسەر ڕێگەی ڕاست.

ئەهلی تەسەوف بنەمای دروستبوونی نەزەر بۆ ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر(ص) دەگەڕێننەوه که دەفەرموێت "اتَّقُوا فِرَاسَةَ الْمُؤْمِنِ فَإِنَّهُ يَنْظُرُ بِنُورِ اللهِ" (العقیل، 2008) واته: بترسن له تێڕوانینی موسڵمان، چونکه ئەوان له چاوی خودا و به نووری خوداوه سەیردەکەن. ئەهلی تەسەوف فراسەت(بینینی ناخی شتێك له ڕێگەی تەماشاکردنی ئەو شتەوه) به دەرکەوتنی غەیب دەناسێنێن، یان به دەرکەوتن (تەجەلا)ی ڕووی خودا بۆ سەر دڵی پاکی دەناسێن، لەبەر ئەمانه نەزەری شێخ(مورشید) زۆر به بەرەکەت پەسنکراوه. ئەمجۆره تێڕوانینه لەسەر شاعیر دەبینین و لەم بەیتەی خوارەوه وتوویەتی:

کۆمەڵی سۆفی و مەلا موشتاقی دەشتی شێوەتن

بۆ تەوافی کەعبەیی ئەبرۆیی تۆبوون موبتەلا (کاکەیی، 2013: 34)

سەرەتای یەکترناسینی و بینینی شاکەلی، به هۆی نەزەری شێخ عوسمانەوه بووه که له دانیشتنێکدا سەیرێکی شێخ ئەحمەدی کردووه، سەیرکردنەکەی فیراسەت بووه بۆی، ناخی شاکەلی بینیوه که عەوداڵی یارگرتنه. ئیدی بینین و بیرکردن بۆ بینینی ڕووی یاری دەبێته جۆش له کەڵلەیی و ئەڵێ:

گۆشەیەکی چاوی تۆ توشەی دیياری ئاخیرەت
مەنبەعی دنیا و دینمە مەسکەن و مەئوایی تۆ (کاکەیی، 2013: 38)

شاعیر وای پێشاندەدات کە بە درێژایی تەمەن هیچ تام و چێژێکی وەك ئەو نەزەرەی مورشیدی پێنەگەیشتووە. جا ئەم تام و لەزەتەی؛ بەدەنی نییە، بەڵکو رۆحییە. کاتێك شێخ بە شەفاعەت و مەرحەمەتەوە سەیریدەکات، ئارەزووکردن بۆ هەموو شتێکی دنیایی لە دڵی ئەودا نامێنێت و ئەو رۆژە دەبێتە رۆژی هەنگاونان بەرەو عیشقی حەقیقی.

2- **ئیرشاد بە سوحبەت/ گفتوگۆ:** جێگەیەکی بەرز و گرنگی هەیە لە تەسەوفدا، سوحبەتیش تەنیا بە واتای پێکەوە گفتوگۆ نایەت، بەڵکو هاوڕێیەتی و خاوەندارێتیشە. لە تەسەوفدا هەندێك لە شێخەکان وەك رێگەیەك بۆ گەیشتن بە ئیرشاد بۆ خۆیان بەکاریدێنن، وتووشیانە: "رێگەیەکی گفتوگۆ و ئاخاوتنی جوانە، کۆیلە دەگاتە پلەی پاشایەتی" (ERTEKİN، 2018: 48)، سۆفی هەموو بچوکبوونەوە و خزمەتێك دەکات بۆ ئەوەی شایستەی موریدێتی مورشید بێت یان "ئەم هاوڕێیەتییە ئەوەیە مورید تا لە توانایدا بێت، لەگەڵ مورشید دا بێت و لە رەوشت و کرداری بەرزی کەڵك وەربگرێت" (محەمەد، 2018: 204)، کەواتە بەم فۆرمە مورید بە گفتوگۆ ناخی لە ناشرینی پاکدەبێتەوە و ئیمان لە دڵ و دەرونیدا زیاتر دەبێت، ئەم کڵپە رۆحییە وایکردووە سۆفییەکان هەمیشە لە چاوەڕوانی سوحبەتی شێخدابن، چونکە ئەوە هۆکاری بەهێزبوونی سۆفیەتییەکیانە. ئەو کەسەی کە هاوڕێیەتی و دۆستایەتی شێخ بە دەستبێنێت، دەگاتە هیدایەت و دڵی بەرەکەتداردەبێت.

سوحبەت لە نێوان شاکەلی و مورشیدەکەی، لەوە نەماوەتەوە کە تەنها گفتوگۆی ئاسایی بە زمانی ئۆتۆماتیکی بێت، بەڵکو زمانی گفتوگۆیان چووەتە نێوا دنیای هەڵبەستەوە چەشنی (مەولەوی و شێخ عومەر) و بەهۆی ئەوەی شێخ عوسمان (ق.س) بۆخۆیشی شاعیر بووە، چەندین گفتوگۆی شیعری لە نێوانیاندا دروستبووە و لایەنی ئیرشاد بە سوحبەتیان لێ هێناوەتە بوون. وەك شێخ عوسمان وتوویەتی:

هەروەکو ماسی لە ئاوایە و تێرنابێ لە ئاو
خۆمنیش نەزدیکی تۆم و مامەوە تینوی تەواو (کاکەیی، 2013: 54)

شاکەلی لە وەڵامی ئەم سوحبەتەی مورشیدەکەی بە خۆ بەکەمزانین و بە غەزەلێکی (10)بەیتی وەڵامی گەورەکەی دەداتەوە:

من وەکو ماسی و تۆ بەحری علومی بێ حەساو
هەر ئەسورێمۆ لە ئاوا سك ڕەش و سینە سووتاو (کاکەیی، 2013: 55)

لای رێبوارانی رێگەی تەصەوف، وەك دابێکی رەوشتی بۆ مورشید؛ مورید ناتوانێ ڕاستەوخۆ خواستی لە خودا هەبێ ، بەڵکو دەبێت لە رێگەی شێخ(مورشید)ەکەیەوە داوا بکات، وەك ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی شاکەلی کە داوای ڕەحم و بەزەیی لە شێخەکەی دەکات:

ڕەحمێ بکە بەم گۆشەنشینی خەم و دەردە
ڕۆحم فیدای خادیم و سەیوان سەری تۆ (کاکەیی، 2013: 48)

وەڵامی مورشید(شێخ عوسمانی دووەم) بۆ شاکەلی:

ڕەنگت وەك صەفحەی کاغەزم سوربێ لە هەردوو دنیا لە غەم بە دوور بێ (کاکەیی، 2013: 195)

ئەم هاوڕێیەتی و سوحبەتە، زیاتر شاکەلی هەیبووە بۆ شێخەکەی، لەبەرئەوەی هەمیشە مورشید بە وشەی کەمتر لە گفتوگۆ وەك کەمەند موریدی خستووەتە داو و ڕایکێشاوە. لە دیوانەی شاکەلییشدا (حەڤدە)جار شێخ عوسمانی گفتوگۆ(سوحبەت)ی هەبووە بۆ شاکەلی و لەبەرانبەردا شاکەلی زیاتری هەبووە بۆ مورشیدەکەی و هەروەك دووری مورشید لە گەرمیان و کەمتر چوونە گەرمیانی و زیاتر چوونی شاعیر بۆ دیداری و سوحبەتی لەگەڵ کردووە، ئەوەتا بۆچونی بۆلای وتوویەتی:

سەرم قوربانی رێگەت بێ، ئەوە سەرژانەکەی خۆت هات
بە باری غەفلەت و جەهلۆ باڵاگەردانەکەی خۆت هات (کاکەیی، 2013: 32)

3- **ئیرشاد بە خزمەت:** خزمەتکردن؛ بەدەستهێنانی چاکەیە، مورید دەبێت ئەمر و فەرمانی مورشید بەباشی بزانێت، چۆن پاشایەك کەسێکی خۆشبوێت و جوببەیەك(خلعت)ی بە دیاری پێشکەش دەکات، موریدیش دەبێت فەرمانەکانی مورشید وەك ئەو دیارییە بەنرخ بزانێت و وەربگرێت بە ئەرك و واجبی سەرشانی خۆی بزانێت، وەك لەم بارەوە وتراوە"مورید پێویستە شێخ(مورشید) بە چاوکراوە و هێزی زانین بزانێت" (عومەری، 2021: 124) ئەم پێناسەیە مورید بۆ خزمەتکردن هاندەدات و کەمندی مورشیدی دەکات. ئەهلی تەسەوف خزمەتکردنی شێخیان وەك پلە و مەقامی عەزیزی دەستنیشانکردووە، چونکە بەمە دڵیان لە کیبر و ریا پاك دەبێتەوە. لە ئەدەبیاتی تەسەوفی کوردییدا ئەم روانگە گەلێ بڵاوە، بە نموونەی خزمەتی (وەفایی) بۆ شێخی نەهری و مەولەوی بۆ شێخ عومەر و شاکەلی بۆ شێخ عوسمانی دووەم...

حازری فەرمانی خاترە غەمبارەکەم
چاوەڕوانی نامەیەکە چاوەکەی بێ تینی من
خۆ لەبەر جەوری جیایی ئاو لە چاوم جارییە
مانیعە بۆ سەیری نامەت جۆگەیی ئەسیرینی من (کاکەیی، 2013: 36)

یان:

سورمەیە بۆ چاوەکانم خاك و خۆڵی پایی تۆ
پایی تۆ گەر بێ بە سەرما تاجی شاهانشاهییە (کاکەیی، 2013)

شاعیر بە رزگاربوون لە نەفسی شەیتان و بردنی بەرەو گوناح دەترسێت، بۆیە پەنا بۆ شێخەکەی دەبات و خزمەتی کردووە، تا بیپارێزێت و ئەم خزمەتکردنی مورشیدەی وەك چارەسەر دەبینێت.

دەکرێت لێرە ئەوە بخەینەڕوو، ئەم دابەشکردنەی ئیرشاد، لای شاکەلی ئەم فۆرمانەمان هەستپێکردووە و دەکرێت لای شاعیرێکی تر فۆرمێکی تر جێبگرێت.

## ئەنجام و ڕاسپاردە

1. بە لەبەرچاوگرتنی ناوەڕۆکی شیعرە ئایینییەکانی شاکەلی: تەصەوفیەت واتە ڕێگەی موحیبەت و توانەوە لە عیشقی ئەوی دی و تەوازع و خۆکەمکردنەوە. هەروەك دەکرێت ئەمە پاژێك بێت لە خوێندنی زانکۆیی بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێندکار بە گێتی تەصەوفیەت لەگەرمیان و شوێنی شاعیرانی ئەم دەڤەرە لەم بەشە ئایینییەدا.
2. شاکەلی، صۆفییەکی ئەهلی ڕیازەت بووە، قۆناغی گواستنەوەی عیشقی مەجازیی تێپەڕاندووە و لە هەوڵدا بووە بۆ گەییشتن بە حەقیقەت، بۆیە شێخ عوسمانی دووەم(ق.س) دەکاتە ئاوێنە و جوانی و مەزنی یاری باڵای تێدا دەبینێت، هەمیشە لە هەوڵی ڕازیکردنی دڵی ئەم یارەدایە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەوە ڕازیبونی دڵی یاری باڵا بەدەست بێنێت.
3. لە بنەڕەتدا باپیرانی شاکەلی دەچنەوە سەر تەریقەتی قادری، خۆیشی لە چەند دەقی دیوانەکەیدا یادی ئەو تەریقەتەی کردووە، بەڵام لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی پەروەردە بووە و مورشیدەکەی (شێخ عوسمانی دووەم)ی نەقشبەندییە کە ڕابەری ئەو تەریقەتە و ڕێبەری مەعنەوی شاعیر بووە.
4. مەقامەکانی ڕێگەی تەصەوف، پێگەیەکی دیار و بەرچاویان هەیە لە نێو شیعرەسۆفیگەرییەکانی شاکەلییدا، لە پاش جۆشدانی دڵ و جێگربوونی حاڵ و درووستبوونی هەر مەقامێك، ئیدی چوونە نێو هەر مەقامێك و بڕینی مەقامێك بۆ مەقامێکی تر زیاتر بەخاتری مورشیدەکەی بووە وەك لەوەی بە تەواوی بۆ گەشتنە حەقیقەت بێت.
5. شاکەلی، شێخی وەك قیبلەیەکی دنیایی بینیوە و بە ئیرشاد وەرگرتن لە ڕێگەی بینین و گفتوگۆ و هاوڕێیەتی و خزمەتەوە لێی نزیك بووەتەوە و خزمەتی کردووە، بەم فۆرمە دڵی بەدەستهێناوە و کردویەتی بە نوێنەری خۆی لە دەڤەری گەرمیان.

## سەرچاوەکان


1. قورئانی پیرۆز
2. محەمەد، ئەنوەر قادر. (2018). *لیرکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی*. چاپخانەی ئەندێشە. سلێمانی.
3. ئەحمەدی مەلا. (2013). *مەحوی لە نیوان زاهیریەت و باتنیەت و سەرچاوەکانی عیشق و وینەی مەعشوقدا*. چاپخانەی ڕۆژهەڵات. (چاپی دووەم) هەولێر.
4. پێشەوا شێخ ڕەئووف. (2021). *قۆناغێکی نوێی تەریقەتی قادری کەسنەزانی*.
5. محمد، د.دارا حمید و محمد م.ابراهیم کوێخا. (2014). *توێژینەوەکانی زانستیی تەصەوف*. چاپخانەی کارۆ. (چاپی یەکەم) سلێمانی.
6. سورەوەردی، عومەری و یوسف، محەمەد شێخ، و: هۆشەنگ. (2021). *عەوارفی مەعرف*. لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون. (چاپی یەکەم) هەولێر.
7. شێخ ئەمین شێخ عەلاء الدین نەقشبەندی. (2015). *تەصەووف چییە؟* چاپخانەی چوارچرا. (چاپی سێهەم) سلێمانی.
8. جەمال حسێن. (2018). دەرکەوتنی تەسەوف. ***Idea***، 85-114.
9. هاشم عاصی کاکەیی. (2013). *دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی (شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان)*. چاپخانەی شڤان. (چاپی پێنجەم) سلێمانی.
10. کۆمەڵێك توێژەر. (2009). *ڕێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندی-خالیدی*. چاپخانەی کارۆ. سلێمانی.
11. کۆسار عومەر. (2021). ئەدەبیاتی شیعری لە نێوان هەورامان و گەرمیاندا لە سەدەی حەڤدەوە تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم. *یادی کەلار*، 173-208.
12. کۆسار عومەر. (2021). *ڕۆڵی شێخ ئەحمەدی شاکەلی لە شیعری کوردییدا*. ئێران/ تهران.
13. مارف خەزنەدار. (2010). *مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی سێیەم)*. چاپخانەی ئاراس. (چاپی دووەم). هەولێر.
14. مارف خەزنەدار. (2010). *مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی چوارەم)*. چاپخانەی ئاراس. (چاپی دووەم). هەولێر.
15. ئانا، ماری شمیل، و:ناجی زانا و مەحموود هیوا. (2020). *مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا*. چاپخانەی تاران. سلێمانی.
16. ڕۆژبەیانی، مەلا جەمیل بەندی، و: ڕۆژبەیانی، شێرزاد محەمەدئەمین. (2018). *دەروێشی=تەصەوف لە کوردستانا*. العراق: رؤى للطباعة والنشر.
17. نور نەقشبەندی. (2013). *شێخ عوسمانی بیارە کێ بوو؟ وەڵامێکیشە بۆ ئەوانەی کە دژایەتیان ئەکەن*. تم الاسترداد من کوردستانپۆست: **https://encr.pw/W3Wtu**
18. **BİNGÖL.** ***TESEWIF DI DÎWANA ŞEYDA DE.*** .(2018) **Nurettin ERTEKİN.**
19. أبي عبدالله محمد بن أبي بكر بن أيوب بن قيم الجوزية. (2001). *مدارج السالكين بين منازل "اياك نعبد وأياك نستعين"* . مؤسسة المختار للنشروالتوزيع. القاهرة.
20. أيمن حمدى. (2000). *قاموس المصطلاحات الصوفى*. القاهرة: دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع.
21. اسلام ويب. (29 10, 2018). *أن تعبد الله كأنك تراه*. تم الاسترداد من **https://acesse.dev/qOGYT**
22. د.ربيع احمد. (15 11, 2012). *الفوائد والدرر من حديث: "لن يدخل أحدكم عمله الجنة"* . تم الاسترداد من **https://encr.pw/B0bhv**
23. حجازي سعيد و عيسي عبدالوهاب. (23 11, 2019). *"سلمان منا أهل البيت".. تعرف على الصحابي الذي اشتاقت له الجنة*. تم الاسترداد من الوطن: **https://acesse.dev/pxVN9**
24. الكاشانى، عبدالرزاق. (1992). *معجم اصطلاحات الصوفية*. دارالمنار للطبع والنشر. القاهرة.
25. عبد الله بن عبد العزيز العقيل. (9 8, 2008). *حول حديث: "اتقوا فراسة المؤمن"* . تم الاسترداد من طريق الاسلام: **https://l1nq.com/nvr7x**
26. الطوسى، لأبى نصرالسراج. (1960). *اللمع*. مطبعة السعادة. بغداد.
27. محمد معاني. (29 8, 2023). *محمد معاني*. تم الاسترداد من **https://acesse.dev/ojW5g**
28. اميديفرد عبداالله و پيلەور مرضيه. (1396). بررسي فقهي قاعدة ارشاد جاهل. *پژوهشهاي فقهي*، 485-521.
29. سحر للەخانى و جواد خالقيان. (1399). جايگاه ارشاد قضايى در بهبود دادرسى و تأثير آى بر حقوق شهروندى. *فصلنامه حقوق پزشكى، ويژهنامه حقوق بشر و حقوق شهروندى*، 261-271.
30. شاپور نورازر. (1398). حال و مقام در عرفان اسلامى. *فصلنامه عرفان اسلامى*، 343-357.
31. محمد ميرى و خراسانى حسن رمضانى. (1400). اندازەگيرى بايستگى وجود پير و مرشد در طريق سير و سلوک. *پژوهشنامه عرفان*، 241-261.